پاکانەی پارتی دیموکرات سەبارەت بە سیخورەکان ماناکەی ڕۆشنە .... ڕزگار عبدالکریم



دوێنێ 2-11-2003 ڕۆژنامەی خەبات بەیاننامەیەکی پارتی دیموکراتی بڵاوکردەوە کە لە سایتی پارتی ڕێکخراوەی دەرەوەشیدا هاوکات بڵاو بۆوە. لە بەیاننامەکە دا لە بڵاوکردنەوەی ناڕاستی و چەواشەکردنی خوێنەر زیاتر هیچی تێدا بەدی ناکرێت لەگەڵ ئەوەی هیچ لەوە باشتر لەو حیزبە چاوەڕوان ناکرێت. . مێژووی دروست بوونی پارتی دیموکرات لە بازرگانی کردن بە خوێنی خەڵکی زیاتر و هەر ڕۆژە و سیخوری کردن بۆ دەوڵەتێك ئاسان لەدەستدانی دەستکەوتی خەڵك زیاترچیانکردووە جگە لەوەی زیندوو کەرەوەی گیانی خێڵایەتی وتایەفە گەری و بوون خودی شوێن و جێگای حیزبیشیان بەهەمان دەستوور. . ئەمەیان باسێکی ترە و لێرەدا لەوە زیاتر لەسەری نادوێم بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێم دوانزە ساڵە لە ژێرسایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی دا ژیانی خەڵکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کەناری مەرگی کۆمەڵ و نەهامەتی و برسێتی و هەڵواسراوی هەلومەرجی سیاسی وەستاوە دوانزە ساڵە بەسیاسەتی بەعس مامەڵە لە گەڵ خەڵکی کوردستان دەکەن و بە سزاکانی بەعس خەڵك تاوانبار دەکەن ودەنگی ناڕازی و ئینسانی پێشکەوتووخواز دەخەنەبەر هەڕەشەی مەرگ و بەعس ئاسا لە ڕێی دەزگاکانینمونەی بەعسەوە ترسی ژیانیان لا دروست دەکەن، دوانزە ساڵە ئەوان لە کوردستان خزمەتی بەعس دەکەن، ، کێشەکانی نێوان ئەحزابی بۆرژوازی خۆیان بە قازانجی بەعس ڕاگرتووە کەچی پارتی دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئەوان هەمیشە دەستی بەعس نەیان گەشتۆتێ لە کاتێکدا بەعس لە گیانیاندایە، چەواشە کردنی خەڵکی‌یە کە حیزبێك خاوەنی 74 و 31ی ئاب بێت کەچی بڵێت بەعسم لێ دوورە ئاخر ئەوە هیچ پاساوێك هەڵناگرێت. .

لە دوای ئەوەی بەعسی فاشیست کۆتای بەدەسەڵاتی هات بە پیشەی هەموو ئاڵوگۆڕێك سیخورانی نێو دەسەلاتی فاشی دەکەونە بەردەمدادگای جەماوەر وداوای دادگای‌یان دەکرێتە مەسەلەیەکی ڕاستەوخۆی دوای ئاڵوگۆڕ، پارتی دیموکرات کە دەزانێت کەوتۆتە ئەو گێژاوەوە بە پیشەی هەمیشەیی بێ دەنگی خۆی پیشان دا و وای زانی گەر ئەو بێ دەنگ بێت خەڵکی لێی بێ دەنگ دەبن؟ دوای چەند مانگ لە باسێکی لەو جۆرە تازە بەتازە بەیاننامەی پاکانە کردن دەردەکەن و خۆیان مەدحی‌خۆیان دەکەن (دوای سەرنج دان و لێکۆڵینەوەی فایلەکانی سەربەکەسانی ئەمن وموخابەرات دەرکەوت کە ڕژێمی پێشوو ئەوەندەی پەیوەندی بە پارتیمانەوە هەبێت لەو ڕووەوە شکستی خواردووە و نەیتوانی‌یەوە سەر بکەوێت) پارتی دەیەوێت پێمان بڵێت ڕاستە سیخورانێك لە بەرژەوەندی بەعس هەبوون بەڵام ئەوە لە نێو ئێمەدا نین و لە لایەنەکەی دژمانن. . بۆ ئەوەی ئەمەش بکەنە خاڵێك و کوشتارێکی بە کۆمەڵی تر لە کوردستان شەرعی‌یەت پێ بدەن، پارتی و یەکێتی دوو کوڕی ئەزیز و گوێ ڕایەڵی بەعس و سیستەمەکەی بوون بۆیە هیچ کات وجودی پارتی و یەکێتی بۆ بەعس جێی خەتەر نەبووە، تا چرکەکانی بەر لە کۆتای بەعس پارتی پەیوەندی وەرزشی نەپچران گەرچی یەکێتی ویستی بە ناوی دڵسۆزی بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی‌یەوە بڕیاری پچرانی دا و لەسەر ئەوە شێرکۆ بێ کەس وەزارەتەکەی لە دەست چوو کەچی ئەوانیش بە چەند مانگ بەر لە مەرگی دەسەڵاتی بەعس تیپەکانیان نارد بۆ بەغداد و کەرکوك و شوێنەکانی تر و لەو ڕووەوە ئەو سیمایەی ویستیان خۆیانی پێ بۆیاخ بکەن دەرکەوت. . لەمەشدا پارتی لە سەرەتاوە هەوڵی داقەڵەم بە کرێ گیراوەکانی بخاتە گەڕ و نمونەکانی ئەمیر ئەفەندی کوردستان تی ڤی و نمونەکانی بهێنێتە دواندن و پێمان بڵێن لەم مەلەفانە بێ دەنگ بن و ئێستا کاتی ئەوە بەسەرچووە و ئێمە کێشەی ترمان هەیە و با ئێمە قسە لە برسێتی و کێشەکانی تری کۆمەل بکەین، بەنەسیحەتەکەی کاکە ئەفەندی وا دەزانێ ئەو تاکە کەسە ئەو نهێنی‌یەی درك پێ کردبێت و چەند وەختە خەڵك بێ دەنگ بووە، خودی ئەو قسانە و نمونەی ئەو قسانە ناچێتە نێو فەرهەنگی کەسی هۆشیارەوە تازە تێپەڕی ئەوسەردەمەی خوێنی خەڵکی بکرێتە سوتەمەنی بنبەستی سیاسی ئەحزابی کۆنەپەرست بۆیە ئەو قسانە کەس ئامادەیی گوێ گرتنی نی‌یەو ئیرادەی یەکبووی خەڵك بڕیار لەسەر ئەو سیخورانە دەدات نەك لیژنەکانی ناو خۆتان و پەرلەمانە کارتۆنی‌یەکەتان. .

لەشوێنێکی تری بەیاننامەکەدا هاتووە دەڵێت (سڵاو لە خۆڕاگریی ئەندامە قارەمانەکانی پارتیمانو لایەنگرانی دەنێرین و هەروەها ڕێز و پێزانینیش لە دڵسۆزی و لە خۆ بووردوویان دەگرین. . . . ) ئەم پۆلێن و خۆدەرکردنە لەم تەرازووەی لایەکی پارتی و لاکەی تری یەکێتی‌یە کێ بڕیاری لەسەر دا هەرخۆتان مامۆستاو هەر خۆشتان خوێنکار لە تاقی کردنەوەکاندا بەراست سەیرە !!!!!! ئاخر جگە لەوەی نوێنەری پارتی لە ئیسپانیا و کێ و کێ تا ئێستا دەرکەوتوون دەبێت پارتی چی تر بڵێت لە دوای درکاندنی تەواوی ناوەکانی تر. .

2003-11-3